

خوێندنەوەیەکی دیکە بۆ ڕۆمانی میرنامە

حەسەن مەحموود حەمە کەریم
(سلێمانی)

ڕۆمانی (میرنامە) لە نووسینی نووسەری کۆبانی ڕۆژئاوای کوردستان (جان دۆست)، ساڵی ٢٠٠٩ بەشێوەزاری کرمانجی چاپی کردووە، (سەباح ئیسماعیل) لە عەرەبییەوە بۆ کوردی شێوەزاری کرمانجی خواروو وەریگێڕاوە، لەسەر ئەرکی ناوەندی ئەندێشە لە سلێمانی ساڵی ٢٠١٣ یەکەمین چاپی لە چاپخانەی ڕەجایی لە تاران لە بەرگێکی جوانی مامناوەندی بە قەبارەی ٣١٠ لاپەڕە چاپ کراوە، نووسەر خۆی دەقە کوردییەکەی وەرگێڕاوەتە سەر عەرەبی بەناوی (الشاعر والامیر) ساڵی ٢٠١١ لە ئەبوزەبی چاپ کراوە، جان دۆست خاوەن قەڵەمێکی نایاب و جددی و کاریگەرە، کۆمەڵێک دیوانی شیعری ناسک و ڕۆمانی پڕ ئەندێشە و سیحر و جوانی و کاری دیکەی چاپ کردووە.

جان دۆست ساڵی ١٩٦٥ ز لە کۆبانێ لە دایک بووە، لە زانکۆی حەلەب بەشی بایۆلۆژی تەواو کردووە، لە ساڵی ٢٠٠٠ـەوە لە ئەڵمانیا دەژیت، بە شیعر دەستی پێ کرد، دیوانی (قەڵای دمدم ١٩٩١) و دیوانی (جان)ی بڵاوکردووەتەوە، کتێبی (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی و کتێبی (عادات و ڕسووماتنامەی ئەکرادییە)ی مەلا مەحموودی بایەزیدی و ڕۆمانی (میرنامە)و ڕۆمانی (لابیرەنتا جنان - متاهة الجنان)ی حەسەن مەتی کردووە بە عەرەبی، هەروەها کۆمەڵێک شیعری سەییاب و هەردوو ڕۆمانی (مهابات بەر بە ئۆلۆمبیادا خودی) و (پەڕ)ی سەلیم بەرەکاتی کردووە بە کوردی، کتێبی (الحدیقة الناصریة)ی لە فارسییەوە کردووە بە عەرەبی و (قاموس بدایع اللغة)ی لە فارسییەوە کردووە بە کوردی، تا ئێستا چوار ڕۆمانی نووسیون (مژاباد ٢٠٠٤) (سێ هەنگاڤ و سێدارەک ٢٠٠٧) (مارتینێ بەختەوەر ٢٠١٢) (میرنامە ٢٠٠٩)، مەخابن دەستی ڕەشی ڕۆژئاوا، گەل و خاکی کوردیان وا لەتوپەت و پارە پارە کردووە، کە ئەم نووسەرەو چەندان ئەدیب و هونەرمەندو زانای بەهێزی کۆبانێ نەیانتوانی هێندەی شەڕو خوێن و داعش شاری کۆبانێمان پێ بناسێنن و کۆڵانەکانمان لە دوورو نزیکەوە نیشان بدەن، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە لە پێشکەتووترین سەردەم و قۆناغی ژیاندا، هێشتا هەر دەنگی شەڕ و خوێن بەسەر دەنگی ئەدەب و هونەر و ئازادی و

دیموکراسیدا زاڵە، جینۆسایدو دەنگی مووشەک بوو شار و دێهات و چەم و دۆڵی کانتۆنی کۆبانێیان پێ ناساندین نەک ئەدەب و هونەر، ئەم ڕۆمانە باس لە سێ سەد ساڵ لەمەوبەرو پێوەندی نێوان ڕۆشنبیر و دەسەڵات دەکات، وەک ڕەمزیش لایەنە شاراوەکانی ژیانی شاعیری مەزن ئەحمەدی خانی (١٦٥١ - ١٧٠٧ز) دەگێڕێتەوە، بەتایبەت فەقێیەتی و مەلایەتی و نووسینەکانی و باری کۆمەڵایەتی و پێوەندی نێوان زانایان و دەسەڵات و هۆی وەفات و کاتی مردنەکەی، نووسەر لە پێشەکییەکەیدا دەڵێ: ئەمە بەرهەمی ماندووبوونی بیست ساڵە، بیرم کردەوە سەرلەنوێ ئەحمەدی خانی بژێنمەوەو لە گۆڕەکەی لە بایەزید هەڵی بستێنمەوەو لێ گەڕێم لە نێوانماندا بژێت و ئەوەی لەو ڕۆژگاری خۆیدا بەڕاستی دەیدا بە گوێی نەتەوەکەیدا، دیسانەوە بە گوێی ئێمەیدا بداتەوە، ئێستا کورد لە دۆخێکی وادا دەژی زۆری لەو سەدەیە دەکات، پێویست بوو ئەم پەیامبەرە جارێکی دی بە ڕوح ئامادە بێتەوە، پاشان نووسەر دەڵێ: بەم وەرگێڕانەو ئەوانی دی لە کرمانجییەوە، دیواری نوێی ڕۆشنبیری و دیالێکتە هەمە چەشنەکانمان هەرەس پێ هێنا کە لەمپەرێک بوو، مایەی شەرم و فەدییە نالی لە دیاربەکردا هۆزانڤانێکی غەریب بێت و جزیریش لە بەرانبەردا لە کۆڵانەکانی سلێمانیدا هەست بە نامۆیی ڕوحی خۆی بکات.

سەیرە جان دۆست و ڕەزوان مەتی و فورات جەوەری دوای چەندان ڕۆمان لە شارێکی وەک هەولێر تەواو نەناسراو بن و عەتا محەمەد و بەختیار عەلی و فەرهاد پیرباڵ و ئەوانی دی لە ماردین و کۆبانێ و قامشلو نەناسراو بن، شانکورتییە بۆ ئێمە کوردانی کرمانج لەبەر تێنەگەیشتنیان لەو دیالێکتە دێرینە، هۆنراوەی عەبدوڵڵا پەشێو نەخوێننەوەو چێژی لێ نەبینن، مایەی لە ڕوودامانیشە هۆزانەکانی خانی ببنە دیلی جوگرافیایەکی بەرتەسک و شێوەزارێکی دەستنیشانکراو و بەشی کەمی نەتەوەیەک، دەبوو بەر لە دەیان ساڵ ئەم کێشەیەمان لە ڕێگەی دەستەیلی پسپۆڕ و شارەزاوە یەکلا بکرایەتەوە، گشت لەمپەرەکانی بەردەم پێشکەوتنی ڕۆشنبیری هاوبەشی کوردییان نەهێشتایە و بیانبردینایەتە ڕیزی ئەو میللەتانەی بنەما نەتەوەییەکانیان خستووەتە بەرچاو و پتر بەرەو سەرکەوتنیان دەبەن، دەبوو ڕۆشنبیر و نووسەری کورد شێوەزاری هەرچییەک بوایە، قۆڵی لێ هەڵبماڵیایەو لەپێناو پرۆژە ڕووناکبیری و نووسینەکەیدا دیالێکتەکانی زمانەکەی فێربێ، پێیان بخوێنێتەوەو سوودیان لێ ببینێت، نابێت چاوەڕێی پەرجوو بکەین زمانەکەمان یەک بخات، بەڵکو دەبێت دان بەواقیعی ئێستادا بنێین و هەرکەسەو لە شوێن خۆیەوە دەست بۆ باخی دراوسێکەی ببات و چ میوەو بەرهەمێکی بە دڵە لێی بکاتەوەو سوود لە بەهرەو دانایی داهێنەرانەیان وەربگرێت، نووسەر مردنی خانی دەکاتە تەعزیەبارییەکی گەورە کە هێزەکانی وەک تاریکی و ڕەشەباو زریانی ڕەش و شینی وەک دڵی سووتاوی هەمیشەیی کوردی تێدا ئامادەیەو لە **٢٣** قۆناغی چیرۆکخوانیدا بۆمانی دەگێڕێتەوەو ئاسان و شارەزایانە دەمانباتەوە ڕاستی ژیانی ئەو دەمە، چیرۆک وایە، هێنان و بردن و گەورەکردن و بچووککردن و ناشیرینکردن و جوانکردن و پێداهەڵدانە، ڕەنگە ئەو خانییەی ئەمڕۆ بە ئێمە دەناسێنرێ و نووسەریش زۆر گەورەو نازداری کردووە، لەسەردەمی خۆیدا ئەو مەزنە پایەبەرزە ناودارە نەبووبێت کە ئەمڕۆ ئێمە حەزدەکەین وابێت، ڕەنگە ئەو مەلایەکی شارەزاو چالاکی سەردەمێکی پڕ لە خەڵکی سادەو ساکار و عەوام و نەخوێندەوارو گوێ لە مست و دەستەمۆی میرو ئاغا بووبێ کە خۆیان بەخاوەنی خۆیان نەزانیوە، لە وتە و نووسینەکانی خانی هەر نەگەیشتبن، لەو بڕوایەدام هەرکەس میر و ئاغای ئەو دەمە نەیویستبێ خەڵکیش بە بوغزراو و دوورخراو و نەفرەتی لێیان ڕوانیبێ کە ئەگەر لە زانایی و داناییدا سەری لە ئاسمان گیرکردبێ و سەد بیروبۆچوونی شەرعی و فەلسەفی و هەڵوێستی بەرزی بووبێت، بەڵام دوای مردنی گەورەکراوەو بۆی پێوەنراوە، دەرکردنەکانیان بۆ کراوەتە هەڵوێست و ناسکی هەست و تۆرانەکانی کراوەتە مانگرتن و ئاخەکانی کراوەتە کوردایەتی و داخەکانی کراوەتە عیشق، بڕوانە مەولەوی و بێخود و نالی و قانیع و دەیانی تر، لە ژیاندا ڕووت و ڕەجاڵ و بێ پشتوپەنا بوون، بەڵام کە دەمرن ئەفسانەیان بۆ دەتاشرێ و فکریان بۆ دروست دەکرێ و هەڵوێست و پەرجوویان بۆ دەڕازێنرێتەوە، ئەگەر شیعرێکیان بۆ نەتەوە وتبێ و گلەییەکیان لە میر کردبێ لە ژێر لێوەوە بووە، دەنگیان نەگەیشتووەتە دەری ماڵی خۆیان، ئەوە دوای مردنیان دەنگی داوەتەوەو زیادەڕۆیی تێداکراوە، وەک کە ئەمڕۆ ئێمە دەمانەوێ و حەزدەکەین وابن، وایان بۆ لێکدراوەتەوە، بڕوانە ئەمڕۆ

خەڵک چۆن لە نووسەر و هونەرمەند دەڕوانن و لێیان دەخوێنن، بەرهەمەکانیان بە خەڵەفاو و وڕێنەو هیچ ناو دەبەن، دەسەڵات و بەرپرسانیش چارەیان ناوێن، بەڵام کە دەکەونە لێواری مەرگ و گیانەڵا، بەردەمی ماڵیان بەرناکەوێ و سەرقەبرانی قەرەباڵغ و ڕۆژنامەنووس سەرەدەگرن و کەناڵەکان بەلای ماڵیاندا گڤەیان دێ و چلە و چەلەحانە و ساڵانەیان بۆ دادەخەن و پەیکەریان بۆ دەتاشن و خەڵات دەکرێن و شەقامیان بەناوەوە دەنێن و بەدەفتەر دۆلار بۆ ئاهەنگی دوای مردنیان خەرج دەکەن، ئەمە جگە لەوەی هەموو خۆیان دەکەن بە هاوڕێی ژیان و یادگاری درۆینە دەگێڕنەوە، وایان هەڵدەبڕن کە ژن و کچ و کوڕ و باوک و براکانی واقیان وڕدەمێنێ کە ئەوە باسی داماوەکەی ئەوان بێت؟ دەڵێین ئەی چۆن لە ژیاندا هێندە مەزن و ناودار و خواپێداو بووە، ئەو هەموو دۆست و ئەحبابەی هەبووەو ئێمە نەمانزانیوەو ئاوا نەماناسیوە؟ بڕوانە شێرکۆ بێکەس لە نووسین بە ئاوی خۆڵەمێشدا چۆن باسی بێ کەسی باوکی دەکات و ئێمە ئەمڕۆ چی بۆ خۆی و کوڕەکەی و کوڕەزاکەی دەکەین، لە چلەی شێرکۆدا نەبوو بۆ نەبوویی و هەژاری ژیانی باوکی شێرکۆ و ماڵ و منداڵی نەگری، هەموو جلەکانی بەری قانع دووکیلۆ تووری نەکردووە، لە خوار شانەدەرییەوە دەوەستا تا گەلابەیەک بێت و لەسەر لمەوە بەخۆڕایی سواری بکات و بۆ ئێوارە بەدەستی بەتاڵ بگاتەوە ناو ماڵ و خۆی بکات بەژێر لێفە شڕە داڕزیوە پوتورکاوە خوا بریوەکەیدا، ئەو مەولەوییەی ئەمڕۆ چ کەسایەتییەکە، شیعری بەسۆفی و شێخەکانی هەوراماندا دەوت تا لە تەکیە و خانەقاکاندا دڵ و دەروون و زگی تێربکات و شەوێک بەگەرمی ڕۆژبکاتەوەو ئاهێ بەناخیدا بێتەوە، دەڵێین بابا تاهیری هەمەدانی داماو بووە، کەچی لە ژیاننامەکەیدا وایان بۆ تاشیوە کە ئەگەر خۆی ئەمڕۆ بێتەوەو ژیانی خۆی بخوێنێتەوە دەڵێ بریا تاوێ لەسەردەمی ئەم مەزنەدا بژیامایە، ئەوە ئێمەین ستەم لەڕاستی ژیانی نووسەر و شاعیرەکانمان دەکەین و لە حەقیقەتی خۆیان دەیانترازێنین، بەڕاستی مردن داماو دەکاتە پاڵەوان و پیسکە دەکاتە خاوەن دیوەخان و بەخشندەو پڕ یادگاری دەکات، ئەرەستۆ و ئەفلاتوون و سوکراتیش وەک نالی و مەولەوی و خانی داماو بوون، لەسەردەمی خۆیاندا وا نەبوون، زۆریان ژن و ماڵ و منداڵ و ڕزق و ڕۆزییان نەبووە، ئەو داخی دڵ و تاڵی ژیانە بووە هێناونیەتە ناو شیعرو شتی پێ وتوون، هەروەک نووسەرو هونەرمەندی ئەمڕۆی خۆمان چۆن حەزیان لەدەسەڵاتداران نییەو گلەییان لێیان هەیە، خانی و عوریان و نالی و ئیبن ئادەم و زۆری تریش، حەوسەڵەی میر و ئاغایانیان نەبووە، هێز و تاقەتی ماستاوچییان و خۆبەرە پێشەوەیان نەبووە، زیاتر لە چەقی مزگەوت و خانەقا و حوجرە و خوێندنەوە و وانە وتنەوەو کۆڕی شێخان و مەلایان بوون، بە سەرفیترەو زەکات و تەقنەی فەقێ ژیاون، بۆ باباتاهیری هەمەدانییان هەڵبەستووە دەڵێن سوڵتان توغرولبەگی دامەزرێنەری دەوڵەتی سەلجوقی لەگەڵ وەزیر ئەبونەسری کەندەری ویستی دەستی باباتاهیری هەمەدانی ماچ بکات، باباتاهیر وتی ئەی تورک دەتەوێ چی لەگەڵ خەڵکی خودا بکەی؟ پاشان ملی مەسینە شکاوێکی کە دەستنوێژی پێ دەگرت بەدیاری دایە سوڵتان و ئەویش کردییە مستی، ئەمە ڕاست نییە، نێوانی توغرولبەگ و عوریان دوورە، ئەوکاتەی توغرولبەگ لەو ناوچەیە سوڵتان بوو، باباتاهیر دەمێ بوو مردبوو، لەم جۆرە قسانەیان بۆ زۆر شاعیر و نووسەر دروست کردووەو لەڕاستی حاڵی خۆیان زیاتریان ترازاندوون، ئەوە نییە لەم ڕۆمانەشدا بۆ دوای مردنی خانی خەڵکەکە دەڵێن: خانی گەوهەرێک بوو ئێمە لە وڵاتی سەرحەداندا نرخ و بەهایمان نەزانی، تەرمی خانی لەسەر زەوییەو میریش بۆ ڕاو دەچێت.

یەکێ لە جوانترین و پڕماناترینی ئەو ڕۆمانانەی کە لەم ماوەیەدا خوێندبێتمەوە میرنامەیە، بەڕاستی تووشی شۆک و ڕامانی کردم و نامەم بۆ زۆر کەس نارد بیخوێننەوە، هونەرێکی جوانی بەبەرگی بیرۆکەکەیدا کردووە، زۆر ئاسان دەتباتەوە ئەو ڕۆژگارەو مێژوو و جوگرافیا و کولتووری باکوور و ڕۆژئاوای کوردستانت لەو سەردەمەدا پێدەناسێنێ، دەچێتە نێو دنیای حوجرەو مەلاو شێخ و خانەقاو تەکیە و خان و کاروانسەرا، ناوی دیوان و دەسخەت و کتێبی زۆر دەبات، پڕە لە چیرۆکی عیشق و ئەوین، باسی نووسەران و شاعیران و فەقێیان و خەت خۆشی و دابونەریت و هونەرو وردەکاری زۆر لە پیشە کوردییە باوەکانی ئەو دەمە دەکات، نووسەر ڕۆمانی میری بە زمانێکی پوختی کوردی ئەو دەمە داڕشتووە کە لە چیرۆکێکی ڕاستەقینە دەچێت، دەتوانی چەند بابەتی سەربەخۆی پڕ زانیاری لێ دەربهێنی، وەک حەکیمی و داروسازی و مرەکەب و ژەهر و ڕەنگ و پێستە خۆشکردن و بازرگانی و جزوبەندو سەحافی و

نالبەندی، ناوی میر و پاشا و سوڵتان و جەنگ و هەرای زۆری تێدایە، ناوی وڵات و شار و شاخ و لادێی زۆری ناوچەکە دەبات، هەست ناکەی بەرهەمێکی دروستکراو بێت، زۆر لەسەرخۆ و ئاسان سەدان ڕستەو وشەی کۆنی کوردەواری و پەندی پێشینان و ئیدیۆم بە گوێماندا دەدات، لەڕووی پاکی زمانەوە میرنامە لە ئاست پوختی زمانی ناو شەرەفنامەی هەژار دەچێت، خانییەکی ڕاستەو ڕاست نیشتمانپەروەر و سووتاو بۆ خەڵک و خاک و خوای کوردانت پێ دەناسێنێ و هەتا لێواری مەرگی دەبات و ژیانی لێ دەسێنێتەوە، باسی زۆری دەردەکانی کوردی لە خۆخۆری و پوازو خیانەت و براکوژی تێدایە، کە دڵی خانی دەسووتێنێ و بۆکرووزی لێ دێ، دەوڵەمەندە بە مێژوو کولتوور و کەلەپوور و دابونەریتی کورد، وێنەی جوانی باری کۆمەڵایەتی و ئابووری و زانستی و دەسەڵات و ڕەفتاری کوردانەی ئەو دەمەت نیشان دەدات، میرنامە ئەزموونێکی سەرکەوتووە، تا ئاستێکی بەرز بەنرخە، لە خوێندنەوەیدا پەی بەتوانایی جان دۆست دەبەیت، نزیک بە ئورهان پاموک و خالید حوسەینی و بەختیار عەلی و شێرزاد حەسەن دەنوێنێ بەهەندێ تێبینییەوە، بەوردی چووەتە ناو کارەکتەرەکانییەوەو لەگەڵیان دەژی و لەمسیان دەکەیت، نووسەرانی زۆرمان کە بۆ تاراوگە کۆچیان کرد بوونە نامۆ، چی دی نەیانتوانی بەچەشنی ڕابردوو لە غەم و پەژارەو کێشەو گرفتی کۆمەڵگەی خۆیان بنووسن، بەڵام مەریوان و بەختیار و جان دۆست لە تاراوگەوە ئاگایان لێمان بووەو بۆمان ژیاون، هەست ناکەیت ساڵانێکە لە وڵاتیان دابڕاون و لە نیعمەتی خۆرئاوادا نوقمن، بەڵکو لە قووڵایی کۆمەڵگەیاندان و سات بە ساتی ژیانیان دەنووسنەوە، جان دۆست هزر جوانە، خاوەنی دنیاو دیدگایەکی تایبەت و شایستەی دەمی خۆیەتی، ڕوانگەیەکی ورد و قووڵی لە ئەدەبدا هەیە، دەهێنێ میرەکەی زیاتر بخوێنرێتەوەو ستایش بکرێ و بۆ زۆر زمانی دیکە تەرجەمە بکرێ و گەورە نووسەران لەسەری بنووسن و نوێنەری ڕاستەقینەی گەلەکەی بێت، هەست ناکەیت باس لە دنیایەک دەکات کە جوگرافیایەکی ترەو دوورە لە تۆ و چەند سەدەیەکە لێت دابڕاوە، پڕە لە سیاسەت و شەڕ و توندوتیژی و عەشق و خیانەت و شکست و ئیمان و خوا و نیشتیمان و ململانێی جۆراوجۆر، هەموو تێماکانی تری تێدا دەبینی کە لە هەموویان بەرجەستەتر عەشقە، دەتوانین بەعەشقی ون و ناکامیش ناوی بنێین، عەشقی وڵات و ئایین و خوا و دەستەڵات، نووسەر خاوەن شێواز و زمانێکی تایبەت بەخۆیەتی، بەقووڵیش کاری لەزمان کردووەو چێژێکی تایبەتی لێ دەبینین، شایستەی گەورەترە، دەکرێ ناوبانگی سنوورەکان ببڕێ، مەخابن جان دۆست ناناسین، ئاشنای خۆی و وڵات و نووسینەکانی نین، پار لەگەڵ بەختیار و خەسرەو کە هاتە سلێمانی زۆر کەس نەیبینی، بەڵام ئەم ڕۆژانە لە فیستیڤاڵی گەلاوێژ زیاتر ناسیمان، جان دۆست لە نەتەوەکەی دوور نەبووە، جووڵەیانی تۆمارکردووەو نزیکە لە خەڵک، کارەکتەرەکانی وایە کە مرۆڤ لەمسیان دەکات.

ئەستەمە لەم چەند دێڕەدا بتوانم بنیادی فکری و تێڕوانینەکانی بناسێنم، بەم میرەدا دیارە کە پەیامی گەورەی پێیە، دەتوانێ بانتریش بڕوات، دنیایەکی تازەی هێناوەتە نێو ئەدەبیاتی کوردییەوە، بەتەنیا کاری چەند نووسەر دەکات، تراژیدیای سێ سەدە لەمەوبەری وڵاتەکەی و گرفتەکانی لەم ڕۆمانەدا بەرجەستە کردووە، ئەم ڕۆمانە ئەوەیە بە کوردی نووسراوەو خوێنەری کورد کەمە، ئەگەر بە ئینگلیزی بنووسرایە دەنگی دەدایەوە، هەردەبێ ئەم کارە ئەنجام بدرێ، کردنی ئەم ڕۆمانە بە کوردی شێوەزاری کرمانجی خواروو ڕووداوەو دەبێ پێشوازی لێ بکرێ، دەبێ ئەم شاکارەو شاکارەکانی بەختیار و شێرزاد و شێرکۆ بەدنیای دیکە بناسێنرێت، تا ئەدەبی کوردی جێی شایستەی خۆی لە ئەدەبی جیهانیدا وەربگرێت، ئەمە سەرکەوتنی ئاستی باڵای ڕیالیزمی مێژوویی و جادووییە.

هەرگیز جیاوازی قەڵەمی نووسەر و وەرگێڕ نابینی، وەرگێڕ زمانێکی بێ ئەندازە جوان و نایابی هەیە، ڕوون و ڕەوان و شاعیرانە، هونەرێکی گەورەی لەم کارەدا بەخەرج داوە، کە بڕواناکەم ئەسڵە کرمانجی و تەرجەمە عەرەبییەکە هێندە بەهێز و پاراو بێت، دەبێ لە پێشەوە کاری وەرگێڕ بنرخێنین کە جوانتر لە خۆی هێناویەتی و دایڕشتووەتەوە، دەکرێ لەسەر پوختی ئەم کارە بەرزە وەرگێڕ خەڵات بکرێ، فکری نووسەر و برای وەرگێڕ فراوان و دەوڵەمەندە و بۆ هیچ پەکیان نەکەوتووە، هەرچیان ویستبێ ئاسان بۆیان هاتووەتە دەست، بەداخەوەم بۆ کاری قورسی وەرگێڕ، کە ئەگەر بەهێز و پوخت و جوان وەریگێڕابێت وەک ئەم کارە، دەڵێن نووسەر خۆی بەهێز بووە، ئەگەر نووسەر لاواز بێت، دەڵێن وەرگێڕ نەیتوانیوە بگاتە ئاستی بەرزی کاری

نووسەرو زەرەری لە نووسەر داوە، بەهەڵە دەڵێن جیاوازی کاری نووسەر و وەرگێڕ وەک تانوپۆ و نەخشونیگاری ڕووی سەرەوەی قاڵییەکەو نەخش و تیسک و گرێی پشتی قاڵییەکەیە، هەندێ لە نووسەرانی کورد وەک دابی خۆیان کە بەرهەمێکی جوان و دانسقەی هاوەڵێکیان دەبینن، یەکسەر زەینیان بەرەو دزین و گواستنەوە بادەدەن، بەمافی کوردێکی نابینن داهێنەر و شاکارنووس بێت، لەبری دەست خۆشی، تۆمەتباری دەکەن، هەر ئەم کەسانە ناووناتۆرەی زۆریان بۆ فیکر و بەرهەمی تاقانەی کورد بەختیار عەلی گوت و تادوا ترۆپکی بوختان بردیان، بەڵام بەختیار گوێی بەو هەناسەساردو ناسازانە نەدا، لەباتی وەڵام بەبەرهەمی ناسک و باڵاتر ئەوانی سەرسام کردو بە شاکاری بەرزتر وەڵامی دانەوە، دەبێ جان دۆستیش هەمان ڕێچکەی بەختیاری هەبێ و مل نەدات، ئەوانە هیچیان لێ نایە، هەمیشە لە بۆسەدان بۆ ناشیرینکردنی بەرانبەر، دەڵێن ڕۆمانی میرنامە لەگەڵ (ناوی گوڵەکە)ی ئەمبەرتۆ ئیکو و (ناوم سوورە)ی ئۆرهان پامۆک لێکدەچن، یان دەڵێن هێڵێک هەیە ڕۆمانی میرنامە بە ڕۆمانی سەمەرقەندی ئەمین مەعلووفەوە دەبەستێتەوە، یان دەڵێن ڕەگەزە هاوبەشەکانی نێوان ئەم و ڕۆمانەکانی پامۆک و ئیکۆ و مەعلووف وەک یەکن، جان دۆست خۆی نابوێرێ و ناسک وەڵام دەداتەوە، دەڵێ لە نەخشەی دانانی میرنامە پشتم بە کتێبە دڵگیرەکەی جوبران خەلیل جوبران بەناوی (یەسووعی کوڕی مرۆڤ) بەستبوو، خانیی بە مەسیح چواندووە، پاشان دەڵێ هیچ نووسەریک ناتوانێ لە ژێر کاریگەری دەوروبەر دەربچێت، کەس نییە لە ژێر هەتاوی ئەفراندندا بژی و چێژ لە گەرمی و ڕووناکی داهێنەران وەرنەگرێ، بەڵام ئەوە گرنگە چۆن چارەسەری ئەو هزرانە دەکەین کە وەری دەگرین و کاری تێ کردووین، هزرەکان وەک هەویرو تەختە و هەر مادەیەکی دیکە وان، دەتوانین داهێنانیان تێدا بکەین و شتی نوێ و جیاوازیان لێ دروست بکەین، کارەکە پەیوەستە بە بیر و خەیاڵ و دەستڕەنگینییەوە، زۆر گومان لەسەر ئامادەکردنی ژەهرەکە هەیە، چونکە لەوانیش باسی ژەهری تێدایە، بەڵام جان دۆست خۆی دەڵێ ئەمە تۆمەت نیە ڕێز لێنانە کە ڕۆمانی من لەوان بچێت، (گوڵەکە) باسی ژەهری تێدایەو لە بناغەدا داهێنانی ئەمبەرتۆ ئیکۆ نییە، بەڵکو لە هەزار و یەکشەوەدا (الف ليلة و ليلة) لە شەوی پێنجەم لە چیرۆکی شای یۆنان و ڕۆماندا هەیە، ئیکۆ بەوە کاریگەر بووەو خۆیشی باسی دەکات، ڕۆمانی (کیمیاگەر)ی پاولۆ کۆیلۆیش، ئەویش هەر لە هەزار و یەک شەوە وەری گرتووەو زۆر بەکارامەیی دایڕشتووەتەوەو کاری لەسەر کردووە.

کۆیلۆ و زۆر ڕۆماننووسی دیکە خۆیان دەڵێن کاریگەر بووین بەفلانە ڕۆمان، لێ وەرگرتن هێندەی پێوەندی بە داڕشتنەوەی هزرەوە هەیە لە قاڵبێکدا شتێکی دیکە نییە، لەوێدا زرتو زیرەکی و زرنگی دەردەکەوێت کە لەو جوانترو سەرنجڕاکێشتر بیهێنێ، لێوەرگرتنی بیرۆکە، یان کاریگەری بە نووسەرێکی دیکەو هزرێکی دی، لە کارەکە کەم ناکاتەوە، ئەوە گرنگە چۆن وەرگیراوە، ئایا سەرکەوتووە، یان نەیتوانیوە دەنگێ بداتەوە، خوێندنەوەی زۆر بۆ میرنامە کرا، بەڵام هیچیان هێندەی (بەفراو نووری) شتی جوان و وردو نایابی نەوت، جیاوازتر لە خەڵک ڕۆشتووەو وردترو دوورتر بردوویەتی، هەمان بیرۆکەی مامۆستا جەعفەری هەیە لە مێژووی بیری کوردیدا کە سەبارەت بە مەم و زین شتی وتووە، خاتوو بەفراو دەڵێ: میرنامە ڕۆمانێکی سەر بە ڕیالیزمی مێژوییە، باس لە ژیانی خانی دەکاو زانیاری وردی سەردەمی ئەو دەگوێزێتەوەو وێنەیەکی زیندووی پێ بەخشیوە، ڕوحی ناتەبای خانی نیشان دەدات بە جیهانی ئەو سەردەمە، بە پێچەوانەی ئەوانە کە هەموو باسەکە لە کێشەی نێوان میری سەرحەدان و خانیدا چڕدەکەنەوە، ئەوە تەنیا بەشێکی بچووکە لە ڕۆمانەکە، ناکرێ ڕۆمانەکەی تێدا کورت بکەیتەوە، بەڵکو خانی لەگەڵ میر و دەوروبەری نامۆ و ناتەباو لە کێشەدا بووە، نابێ مێژوو هەر لە ڕوانگەی گۆڕانە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانەوە بخوێنینەوە، بەڵکو دەبێ گرنگی بە دۆخی دەروونی مرۆڤەکان بدەین، لای لوکاج مێژووی چیرۆک و گێڕانەوە دەبێ بە دوو خول، خولی داستان و ئەفسانەو خولی ڕۆمان، خولی داستان ئەو سەردەمەیە مرۆڤ خۆی لەگەڵ سروشت جیا نەدەکردەوە، بوونێکی یەکپارچە بوون، تاکی سەردەمی داستان هەستی بە پچڕانی دنیای ڕوحی و دەروونی خۆی لەگەڵ سروشتدا نەدەکرد، دنیای دەرەوەو ناوەوە وەک دوو بواری جیاواز جیا نەکرابووەوە، خودا لەناو مرۆڤەکانداو مرۆڤەکانیش لەناو سروشتدا بوون، مرۆڤەکان لە سروشتەوە خوایان دەبینی، بە هاتنی ئیبراهیم پێغەمبەر یەکتاپەرستی چڕکرایەوە لە خواداو تێڕامان لە سروشتی لێ

دوورخرایەوە، دواتر مرۆڤ خۆی بە دروستکردنی کۆمەڵگا و شارستانیەت زیندانێکی بۆ خۆی دروست کرد کە تێیدا دیل و سەرگەردان بوو، لۆکاچ بەم شێوەیە دەست بە کتێبەکەی دەکات، خۆزگەم بە خۆشی ئەو کاتانەی کە ئەستێرەکانی ئاسمان نەخشەی هەموو ڕێگاکان بوون و ڕێگاکان بە ڕۆشنایی ئەستێرەکان و کاکێشان ڕۆشن دەبوونەوە، دنیا لەو سەردەمەدا گەورە بوو، بەڵام وەک ماڵی خۆت سەیر دەکرا، لوکاچ ئاماژە بەو سەردەمە دەکات کە تێیدا دەرو ناو لە یەک دانەبڕابوون، بەڵام بەهاتنی شارستانیەت و ژیانی مۆدێرنە، مرۆڤ ئیتر دنیا بەماڵی خۆی نازانێت.

کەسایەتی خانی حیکایەتی ئەوەیە کە بەرگەی ئەو پچڕان و درزو دابڕانەی نەگرتووە کە لەنێوان خۆی و دنیادا دروست بووە، نامۆبوونی خانی نیشانەی ئەو لێکترازان و مردنی نیشانەی یەکگرتنەوەی ئەو پێوەندییە شکاوەیە، سەردەمی خانی ئەو سەردەمەیە کە نالکەرێک بایەخی لە نووسەر و بیرمەندێک زۆرترەو سەرمایە قسەی یەکەم دەکات و هەر کەسە لەبیری خۆیدایە، مرۆڤەکان لە میرنامەدا دادەبڕێن و نامۆدەبن لە سروشت، خانی ڕوحێکی تێکەڵ بە سروشت بوو، بە ئارامی پێشوازی لەو ڕوحانە دەکرد کە تەبا نەبوون بەو سەردەمە، وەک تەیموری فاسق کە کەس مەرحەبای نەدەکرد، بەڵام خانی پێشوازی لێ دەکردو پرسیاری ساتی مەستیی لێ دەکردو پارەی مەیەکەی دەدایە، خانی تەیموری وەک ڕوحێکی دژ بەو دنیایە دەبینی، لە دوا نامەیدا دەڵێ ئەوەی منی کوشت میر نەبوو، بەڵکو ئەو قەڵەم و هزر و مرەکەب و ئایدیاو ڕوحە ناتەبایەی خۆی بوو کە وردە وردە کوشتوویانە، ئەو خاوەنی بیری نەتەوەیی بووە کە بۆ خەڵکی ئەو سەردەمە نامۆ بووە، واتە میرنامە تەنیا کێشەی نێوان ڕۆشنبیر و دەسەڵات نییە، ئەوەندەی ململانێی نێوان دەر و ناوەوەیە، جان دۆست شتەکانی سەردەمی خانیی لە منداڵییەوە تامردن وەک خۆی هێناوەو لەگەڵیدا گەورە بوون، لە گەورەییدا وەک فەیلەسووفێک و لە منداڵیدا وەک خۆی، نووسەر لە هەموو بوارەکاندا پسپۆڕ بووە، کە باسی عیشق و ئەوین دەکات، دەڵێی گەورەترین عاشق بووەو لەگەڵیاندا کوڵاوەو بەنەوە دەچێتەوە سەر بنەماڵەی شیرین و فەرهاد و لەیل و مەجنوون، کە باسی ناڵبەندی و جزوبەندی دەسخەت دەکات، دەڵێ پشتاوپشت بۆیان ماوەتەوەو دە ساڵ شاگردیان بووە، باسی سازکردنی مرەکەب و داروسازی دەکات، دەڵێی باپیرانی هەر بەو کارەوە سەرقاڵ بوون و نەوەی ئیبن سینایە، تەنانەت دەچێتە دنیای نێربازان وا دەزانێ پیشەی یەکەمی خۆی بووە، دەچێتە ناخی خەڵکە سادە عەوامەکەی کوردی ئەوکاتەوە کە سوڵتانیان بە نوێنەری خوا دەزانی، ئەم ڕۆمانە وەک ئەلف لەیلە و لەیلە و شەرەفنامەو سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی بە نرخ و دەوڵەمەندە، بیبلۆگرافیایەکە لە ناوی وڵات و شار و میر و مەلا و پیشەوەران و کتێب و عەشق و ئەوین و نێربازی، لە پیشەوەراندا ناوی سەڵاحەددینی سەحاف و کتێب فرۆش، جەلالی بازرگان، حەکیم زوهرابی نوژداری ئەرمەنی، سەلیمی ناڵبەند، برایمی زیلانی، فەلەی عەتاریان، عەتاری جوولەکە، حەکیمی نابینا داود ئەنتاکی، سۆفی مەهدی سەحاف، پێرژێن ئەلەشکری، میرخانی گۆرانیبێژ، هۆمەری ڕۆژەکی گۆرانیبێژ، خالیدی چلاق، خۆجە زۆراب، شومسۆی قەووال دەبات، لە مرەکەب گرەوەو نووسین و سەحافی و جزوبەندا ناوی هاوەنی مس، سرێشی عارەبی، سیرەی خامە، ڕەژوو، دوێت و قومدان، کاغەزدوز، کەتیرەو چەرم، بەرگ تێگر، جزوبەندکردنی دەسخەت، کتێب فرۆش، کاغەزی زەلی زنجانی، کاغەزی سەمەرقەندی، کاغەزی بەغدادی، خەتی سولس و نەسخ و کووفی و دیوانی و توغرایی دەبات، لە باسی داروسازیدا ئەم بڕگانەی هێناوە، تریاک چێ کردن، بەیبوونم کردە ناو هەنگوین و شیرەوە و تێکەڵی ئاوم کردو خستمە سەر ئاگر سبەی خانی لێی خواردو کەوتە ڕشانەوە، تووشی ماخۆلان بووە، ڕیحانە ڕەشە و هەنگوین و تۆوی کەتانم پێکەوە شێلان و زمانە داخکراوەکەیم پێ چەور کرد، حەکیمی نابینا داود ئەنتاکی و ئیبن سینا و ئیبنولبەیتار و سیبەوەیهی، بەیبوون، ڕێحانە کێویلە خەرتەلە، پەڵپینە، تۆڵەکە، گوژاڵک ترشۆکە، وەنەوشە، هەندەکۆک هەمیشە بەهار، یاسەمین، شلێر، تەنانەت هەنگوینی ئەشکەوتانیش لە گشتیان تریاکم چێ دەکرد، پونگە ئاوی ترێی سوور و سیر، دەتگوت بە زەعفەران چەور کراوە، کەتانی سپیان، خێڵی مارخۆران، نوژدارێکی نسیبینی لە شاعیراندا ناوی مەلای جزیری، جامی، حافزی شیرازی، قوتب ئەخلاتی شێخ شەمسەددین شاعیرو سۆفیگەرێکی کوردە لەسەدەی شازدە، شوکری شاعیری بدلیس، یوونس ئەمرە، فزوولیت، باقی، زاتی، سەعدی، فیردەوسی، عەتار

نیشاپووری، مەولانای ڕۆمی، بوهارییە فەندی، نیزامی گەنجەوی، مەمی ئالان، ئێمای بۆسنەیی هێناوە، لە کتێب و دەسخەتدا باسی شەرەفنامە، مەسنەوی مەولانای ڕۆمی، نەوبەهار کە فەرهەنگۆکێکی شیعری عەرەبییە، (عەقیدة الایمان) هەڵبەستە لەسەر باوەڕی ئیسلامی، سەلیمنامە، کتێبی دێوانەی بایەزیدم هی بوهارییە فەندی بوو، مەنتیقو لتەیری عەتاری نیشاپووری، گوڵستانی سەعدی، فەرهەنگی فارسی، فەرهەنگی گوڵزار، مەتنی ئیساغۆجێی ئیبن عومەری ئەبهەری بۆ لێکدانەوەی شەمسەددینی فەنناری، شەرحی تەفتەزانی، حاشیەی قازی کەستەلی، کتێبی نەسەفی، چیرۆکی شیرین و خوسرەوی نیزامی گەنجەوی بردووە، لە خزمانی خانی ناوی شێخ ئەحمەدی خانی، مەلا ئەلیاسی بابی ئەحمەدی خانی، خانیی کوڕی گوڵینگاری کچی قەرەخان بەگی پسیانی، مەلا قاسمی برای خانی، پەری خوشکە گەورەی خانی، شەنگینی خاتوونی جەلالی ئەوینی خانیی بردووە، لە مەلا و شێخ و زانا ناوی مەلا سمایل، شێخ سەیفەددینی جبە شین، ئەحمەدی سوختە، سۆفی حەیدەری قەرسی، حاجی زوهدی تەیمووری گورجی، تەیمووری فاسق، قەرە عەلی، مەلا ساڵحی جزیری، میرزا سەبری پیرخاڵی، مەلا فەریدی مامزێدی، فەقێ خەلیلی سێرتی بە نەژاد حەسەنکێفی، شێخی سەنعان، بوقرات، گالینۆسی بردووە.

لە مزگەوت و دێرەکان ناوی مزگەوتی سوور، مزگەوتی خەتیبییەو ئیدریسییە و ئیخلاسییەو شەرەفییە، فێرگەی مورادییە، مزگەوتی سینانییە، دێرەکەی باکووری بایەزید، ڕەبەنانی دێری ئەشمیازین، لالش، دێری عیسا مەزەبان، کنێستی جوان، ئاتەشگەدە و بتخانەکانی بردووە، لە ناوی شار ناوی قارس، یەریڤان، ورمێ، ئەرزڕۆم، مەلازگەرد، ئەلەزگەرد، ئەلازگەرد، خنووس، ئەنادۆڵ، مووش، ئامەد و دیاربەکر، تەورێز، ئیرەوان، ماکۆ، مووسڵ، ئەسفەهان، خوی، وان، ئەخلات، ئەرجیشی بردووە، لە سوڵتان و پاشا ناوی سوڵتان ئەحمەد، سوڵتان مستەفا، سوڵتان موراد، محەمەد خودابەندی کوڕی شاتەهماسب، شاعەباس، سەدری ئەعزەم ئەڵماس محەمەد پاشا، ئاپۆ ئومەری خەزنەدار، نەزمی چەرکەسی، سەنجەق بەگی، بەگلەربەگی، قومدانی بردووە، لە میرەکان ناوی میر محەمەدی پوور بیلالی میری بایەزید، مەلیک ئەحمەد پاشای وان، شەرەفخان مامی میر ئەبداڵ، زیائەددینی کوڕی ئەحمەد پاشا، عوسمان پاشای فەرمانڕەوای شیروان، قزلەر ئاغاسی، میر عەبدولفەتاحی قەدربڵند، میر میرزا بەگی پسیانی، شەرەف میری جزیرە کوڕی خان ئەبداڵی کوڕی ناسر بەگی بۆتیە، میرعەبدی کوڕی قەرەخانی فەرمانڕەوای بایەزیدی بردووە، لە شەڕەکاندا ناوی شەڕەکانی قەوالیسی و بلّباسەکان، شەڕی ڕۆم و عەجەم، شەڕی چەم، شەڕی ئیرەوان، لەشکری یەنیچەری، تۆفانی نووحی بردووە، ئەمە جگە لە ناوی خێڵی ڕۆژەکی، قەرەقۆینلۆ، ئاققۆینلۆ، چیای نەمروود، چیای ئاگر، قەڵای گاودۆڵی، دەریاچەی ورمێ و ناوی پارەکانی وەک ئاقچەی زیوین، قزناخ، هۆقە، فلوران، زێڕ، تمەن، درهەم و دیناری بردووە. لە باسی ئەوین و عیشقدا ناوی خۆشەویستی برایم و مەریەم، شێخی سەنعان و کچە گاور، دێوانەی بایەزید، شێتەی سەرحەدان، لەیل و مەجنوون، مەم و زین، خانی و شەنگە، تاژین و ئەستێ، دۆستۆ و سینەمی کچە قەڵایی، شیرین و فەرهاد، شاعەباس و شاغەزالی ئەرمەنی بردووە، وشەی جوانی لایە وەک: ژێوان، چک، توونی بابا، نەخاسمە، گۆشتەزوون، خورجی دەرمانەکان، قوماتە، بەدیوم، چورتوم، بۆنی تەرسە قول، قەستەقول، بەنگین، ئاتەشگەدە، ئەندەروون، ئەنگوست، چەرغەتە، ڕووبەند، شەبەیخون، قۆشەن، کەزی، گۆڵمەز، وچان، یارۆ، یاڵ، ئاویلکە و گیانەلا، زۆر ڕستەی ناسک و جوان و پڕ ماناو وێنەو وێنای لایە وەک:

مردن ڕابوونی مەزنە، ژیان سەرخۆشییەکی دوورودرێژە، کتێبی مەم و زین بۆنی دوو دڵی سووتاوی لێ دێت، بە کورت و کرمانجی، ئەم چیرۆکە دەکەنە تەشی و خوریی درۆکانیانی پێ دەڕێسن، ژەنگ لەسەر مسی خۆت هەڵگرە، بەکوردی بنووسە نەک تورکی، هەمبەر دایکت وەفاداربە کە دەینواندی بە کوردی لایلایەی بۆ نەدەکردی؟، پشتم کردە زێڕ و خشڵی تورکان و ڕۆم لە مسی کوردان کرد، تەرمی خانی لەسەر زەوییەو میریش بۆ ڕاو دەچێت، پاپیە دارینەکەم، ترێم لە ڕەزی کەس نەدزیوە، سێبەر لە ئاگرەو ئاگر لە ئەوین، درەختی ژیانی دوژمنانم لە بێخەوە هەڵدەکێشا، شارێک خەڵکەکەی کتێب نەخوێننەوە مێش و مەگەز دەبنە پێشنوێژ، دەی سلۆ چاوی ئەمشەومان بە کلی چیرۆکەکانت برێژە، شەپۆلی قژە زێڕینەکەی بەردایەوە، تا بە دەرزی ئەوینی ئەو و داوی خەیاڵم ژیانێکی

ڕازاوە بۆ ئەو و بۆ خۆمیش بدوورم، ئەو ئەوینەی چرای دڵمی وەک شووشە وردوخاش کرد، کردییە گلۆڵە خورییەک و کەوتە ڕستنی، منیش بوومە تەشییەک بە دەوری خۆمدا دەخولامەوە و ئازاری جودایم دەهۆنییەوە، سۆفی حەیدەر، دڵ بێ ئاگری ئیشق زاخاو نادرێت، خانی وتی بۆ سی ساڵ دەچێت پەروانەی دڵی من لە کوانووی ئەویندا دەسووتێ و لە ژەنگی دنیا پاک دەبێتەوە، منیش هەر بێ دەنگم سۆفی حەیدەر، چرا ژیانێکە لە ڕووناکی، چرا ژیانە، شووشتنی دڵان بە فرمێسک دەبێت ئەوی نەگریت لە دڵیدا ئەستوورتر دەبێت، ئەو دڵەی نوێژی پاقژ دەخوازێت دەبێ بەئاوی چاوان دەستنوێژ هەڵگرێت، نەک بە ئاوی جۆگەلە، خانی گەوهەرێک بوو ئێمە لە وڵاتی سەرحەداندا نرخ و بەهایمان نەزانی، لە چاوانیدا ترپە ترپی پێی مردنێکی نزیکم بیست، چاوەکانی چوون چرایەک نەوتی لێ بڕابێت، ئاوا کوژابوونەوە، ژوورەکەی پڕ بوو لە بۆنی مرەکەب و دارچین و میسک، خانی وتی مەلا سمایل بڕوانە بایەزید چەند ئاخوڕ و خان و ناڵخانەو دوکانی کەوشدرووی تێدان، چما لە ئایین دەرچوونە گەر قەیسەرییەکی سەحافانی تێدا بکرێتەوە، ئەم میرانەی ئێمە کوێرن کوێر زۆردار و نەفامیشن، خانی وتی دیوانی مەلای جزیری قورئانی ئاشقانە، ئاگری دەروونی بە مەرەکەبی ئەو هۆزانانەی دەینووسین و بەو ئەسرینەی بەسەر پەڕەکانی مەم و زیندا دەیڕشتن دەکوژاندەوە، ترس لە ڕێبڕ و چەتان وەک تۆپەڵە خوێ لە دڵمدا تواوەتەوە ئەو ئاگرە مینای موگناتیسی منی بۆ خۆی ڕاکێشا، هەورەکانیش وەک قازی سەربڕاو ئەمدیودیویان دەکرد، خۆری ئاوابووی ئەودیو چیاکان وەک سەری بڕاوی دەنواند.

دەموچاوم یەکپارچە خەنجەر بوو، دەمم هەڵپچڕابوو تامی خوێنی شل لە دەمم دەهات، فستقی شیرازیش وەک دەمی ئەو بچووک و جوان نییە، مژێکی لێوی لە هەنگوین بەتامترە، چاوانی دوو گوڵی ترسناک و قووڵن، لەسەبەتەی لێوی تێر میوەی ئۆخژن ناکەم، کاتێک غار دەدات دەڵێی مەلە دەکات، ئەو کانییەکی چک نەکردووی حەکایەتە، لەو ڕۆژەوە ئەسپی کومێت بووە بەشی مەزنان، لەناو دەشتێک لە وشەو بەهارێک، دۆڵێک لە سحری ڕستەدا ون بووم، کۆمەڵێ بڕگەی نایابی تێدایە: بزانە هەر بۆ ناڵبەندییەک چەند تیا ژیاوەو مافی پێ داوە، سەلیمی ناڵبەند بە ناڵکردنی سمی ئەسپان بووەتە قاروون، سەد بریا منیش ناڵبەندێکی وەک سەلیمی ناڵبەند دراوسێم بوایەو شەو و ڕۆژ سەرم لە بن قوونی ماین و کەر و هێستردا بوایا، شێخ سەیفەددین ناڵی کۆنی گوێدرێژی لێ دەستێنێ و کاری جادوویی بەو ناڵانەوە دەکات، خانی وتی وڵاتێک ناڵی کەری لە کتێب زۆرتر تێدا بفرۆشێت ئەوە شارێکە تووک و نەفرەتی خودا لێی داوە، دەبێ پێی خەڵکەکەی ناڵ بکرێت نەک سمی گوێدرێژەکانی، ئاقچەیەکی زیوینی دایە ناڵبەند، دەستم دایە سمبرەکەو بەروانکە چەرمەکەم، کوڕم سلۆ ئەوەتانێ ماشەڵا عەین و غەین و سین و شین لێک دەکەیتەوە، ڕێگەی زانست ڕێگەیەکی دووروودرێژەو دوایی نییە و نانیشی تێدا نییە، هەر بۆیە پشتم کردە کاغەز و خامە و پیت و ڕووم لە ناڵ و مێخ کرد، هەرەی لە سمی کەرەکەداو تاشی، کوڕی من ناڵبەندی باش ناڵان بەقەد سم سازدەکات، نەک سم بە پێی ناڵان، ئەسپی سەرترینجانێ، مەیتەری ناڵبەند، بە ئەسپ و فیل و فورزینی چێکراو لە دوڕ و گەوهەر ڕازابووەوە، لە ڕۆژگاری شاسواری پسیانیدا لە بایەزید ناڵبەندێکی ژیر و دەست ڕەنگین هەبوو، خەریک بوو بەسمتراشەکە بیکوژێت، چیرۆکی خۆشەویستی برایم و مەریەم، بابی کچەی ناردە لای ڕەبەنانی دێری ئەشمیازین، ڕۆژێک برایم لە شێوەی دێوانەدا دەرکەوت و بە شێتەی سەرحەدان و دێوانەی بایەزید ناسرا، وتیان لە کوێ بووی؟ وتی لەناو بەفری چیای ئاگریدا بووم، وتیان لەوێ چیت کرد، وتی گڕی هەناوی خۆمم سارد دەکردەوە. نووسەر چەند جوان باسی دروستکردنی مەرەکەب دەکات لەلایەن کچانی بایەزیدەوە بۆ فەقێیان و وەسفی فەقێیان بۆ بۆنوبەرامی مرەکەب: تەمۆ ئەمە مەرەکەب نییە، بەڵکو ئەسرینی دڵێکی سووتاوی وێڵە، لەمەرەکەبەکەوە بۆنی بەهەشت دێت، چاوم لەو دوێتە شووشە پڕ مرەکەبە بوو، وەستای سازکردنی مرەکەبی ڕەش بوو، خەونی تاریک و ئاجرو باجرم دەبینی، جگە لەوە بەڕاستی گواستنەوەی شەنگێی عاشقی ئەحمەدی خانی بۆ ئەڵاقولی خانی ئاگۆییانی پێستە فرۆش جوانترین وێناو وێنە گواستنەوەو یاریکردن بەوشەیە من دیبێتم و لەسەرووی هونەرو داڕشتنەوەیە، نووسەر لەم ڕۆمانەدا کۆمەڵێک هەڵەی ئایینی و عەقیدەیی و مێژوویی چارە دەکات وەک:

١- (فەرموودەیەکی پێغەمبەرم بۆ هێنایەوە دەفەرموێ (خوا بکات قەت ئەم میللەتە یەک نەگرن) پێم گوت ئەمەیە چارەنووسی کوردان،

بەوەڵامەکەم ڕازی نەبوو وتی: نە ڕۆمی حەنەفی و نەیش عەجەمی قزڵباش و ڕافزی لە ئێمەی کوردان موسوڵمانترن، کەچی ئینجاش پێغەمبەر تووک و نەفرەتی لێ نەکردوون؟ نا، پێغەمبەر شتی وای نەگوتووە، ئەم فەرموودەیە نە لە سەحاح و نە لە فەرمودەکاندا هەیە، دەردێکی دیکە هەیە بەیەکمان ناگەیەنێت، لا٥١) بەڕاستی نووسەر زۆر جوان بە گژ ئەم هەڵەیەدا چووەتەوە کە هەندێ کەس بە ناوی پێغەمبەرەوە دروستیان کردووەو زۆر کەسیش بە مەبەست بۆ دژایەتی ئایین دەیلێن و دەیهێننەوە، جوان چارەی دەکات کە پێغەمبەر نەفرەتی لە گەلە خراپەکانیش نەکردووەو دەڵێ دەردی کورد لە شتێکی تردایە مەبەستی یەکنەگرتن و خۆخۆرییە.

٢- فەلەی عەتارێکیان هێنا بۆ دەرمان بۆ خانی، عەتاری جوولەکە لا١٨٨، بڕوای خانی جوان وێنا دەکات بەوەی حەکیمێکی جوو و فەلەی پێ باشترەو شەرعیانەترە لە شێخێکی نەزان و نەخوێندەواری وەک شێخ سەیفەددینی جبەشین کە بۆ دەستبڕین بە دەمە بۆگەنەکەی فوو بەئاودا بکاو خانی بۆ شیفا بیخوا، نووسەر لەم ڕۆمانەدا هەندێ ڕاوبۆچوونی بەناوی خانی وە دەربڕیوە کە بە بیروڕای خانی ناگونجێ:

١- (تەیمووری گورجی خەڵکی بایەزید ناویان نابوو فاسق، دەڵێ: خانی چاوی لێم بوو، هەندێ جار چەند درهەمێکی دەدامێ و دەیگوت: خودا بتبەخشێ دەزانم مەیخۆری مفت و خۆڕایی نییە لا٣٤) واتە خانی پارەی داوەتێ مەی بکڕێ و بیخواتەوە، ئەمە لەکەدارکردنی ڕەفتار و بیروڕای خانی یە، ئەو چەند دژی میر و خۆخۆری و دەردەکانی کورد بووە، مەی خواردنەوەشی بە حەرام و دەرد و نەنگی زانیوە لەو سەردەمەدا، ئەوسا خەڵکی سادە وادەزانێ هەر بەڕاست خانی ڕای لە سەر خواردنەوەی مەی وابووە کە وا نییە، ئەمە قسەی نووسەرە نەک بیروڕای خانی، بەتایبەت کە مەی خۆر بەخانی دەڵێ (سەیدا مەی کلیلی زمانە، ئەو دەمی کە مەی دەنۆشم دەرکە لەسەر ئاگری هەناوم والآ دەبێت هەموو پەردەکان هەڵدەدرێنەوەو بێ ترس ئەوی بیخوازم و نەتوانم بیدرکێنم دەیلێم، خۆ ئەگەر ڕازێکی شاراوە لە دڵمدا هەبێت و بخوازم بیدرکێنم، ئەوە مەی چارەیە، ئەوی مەی نەنۆشێ لێی ناگات، لە هیچ شتێ ناگات لە خۆی نەبێت لا٣٥)، چیرۆکەکە بەهێز هێنراوە، دیالۆگەکان لەڕاستی دەچن، چووەتە ئەو سەردەمەو لێرەت دەردەکات، ئەمە سحری هونەری نووسەرە کە دەتگوێزێتەوە ئەو کەشە واقیعیانە، لێکچواندنێکی گەورەیە مەی تێکەڵکردن بە مرەکەب و نزیککردنەوەی عەشقی شەنگە، ئەو وتووویژە یەکجار سەرنجڕاکێشە، بەڵام لەلایەکی ترەوە کەسێکی ناتەواوی فاسق و ئالوودەی مەی وەک نووسەر دەیلێ، نازانێ هێندە جوان و ناسک باسی کاریگەری مەیەکەی بکات، ئەوە باسی عیشقی خودایی سۆفییەکانە کە نووسەر دەیخاتە سەر زاری کەسێک ئالوودەی مەیەو لە بری ئەو دەیلێ.

٢- (مەلا سمایل بە خانیی وت بۆچی نیوەی ئایینی خۆت تەواو ناکەیت و ژن بهێنی؟ خانی وتی شەنگێ هەموو ئایینی من بوو، لا٢٥٦) خانی یەک لەو بەرزی ئیمان و بڕوایەدا کە نووسەر خۆی باسی دەکات هەرگیز نالێت شەنگەی ئەوینی هەموو ئایین و ئیمانی ئەوە، ئەگەر وابێ جیاوازی خانی و شێتەی سەرحەدان چییە؟ ئەوەیە کە نووسەر دەستوەردان و ناوکێش لە فیکرو بۆچوون و عەقیدەی خانی دا دەکات کە هەرگیز ڕستەی وا بە زمان و فیکری خانی یەک لەو بەرزییەدا کە نووسەر خۆی باسی دەکات نەهاتووە، ئەگەر وابوایە دەبوو خانی وەک شێتەی سەرحەدان بیدایەتە شاخ و دوای فەوتانی شەنگێ خانی وازی لە ئایین و نەتەوەکەی بهێنایە، ئەوە نووسەر بۆ جوانترکردنی ڕۆمانەکەی ئەو دەستوەردانە دەکات و خانی لە دنیای فەلسەفەو مەنتیق و نیشتیمانپەروەرییەوە دەباتە ئاستی عاشقێکی شێت و دێوانەی نەفام، کە ئەگەر خانی لێرەبوایە ڕازی نەدەبوو، جگە لەوانە هەندێ جێی تێبینی دەبینم، یان لە کاتی وەرگێڕانەکەدا ڕووی داوە کە دەخوازم لە چاپەکانی تردا پێیدا بچێتەوە، یان ڕەنگە نووسەر بۆچوونی تری هەبێ: ١- (ئەم فەرموودەیە نە لە سەحاح و نە لە فەرمودەکاندا نییە لا٥١) وشەی سەحاح (الصحاح) تازەیەو تەمەنی پەنجا ساڵ کەمترە، بۆ ئەو کۆمەڵە کتێبە نوێیە ناونراوە کە تازە فەرموودەکانی پێغەمبەری تێدا کۆکراونەتەوە وەک (الصحاح الستة) مەبەستی بوخاری و موسلیم و نەسائی و ئیبن ماجەو ئەوانی ترە بە کۆ.

٢- وەرگێڕ لەسەرەتای پێشەکییەکەیدا (لا١١) دەڵێ ئەم ڕۆمانە میرنامە (ساڵی ٢٠٠٨ بە کوردی چاپ کراوە)، بەڵام لە کۆتایی پێشەکیەکەیدا دەڵێ ساڵی ٢٠٠٩ چاپ کراوە، کامیان تەواوە؟.

٣- (مارەیی کچەکەم بەبارێک

پێستەی خۆشکراو، بازرگانێکی خنووسی بە چل فلوران زێڕ لێی کڕیم، ئیتر بردمنە ماڵەوەو خستیانمە مەرکانەیەکی بچووکەوەو شاردمەوە، ئیدی بوومە خودان شازدە مەرکانەی پڕ لە ئاڵتوون، لا ٧٧) مەرکانە بۆ ئاو هەڵگرتنە، هەمیشە گۆزە بۆ پارەو زێڕ هەڵگرتن بووە، گۆزە دەمی بچووکە، مەرکانە دەم فراوانە وەک نووسەر خۆی لە فەرهەنگەکەدا لا ٣٠٧ دەڵێ مەرکانە، واتە کوپەڵەی دەم فراوان، کوپەڵە هی پارەو زێڕ هەڵگرتنە نەک مەرکانە، مەرکانەو کوپەڵە جیاوازن.

٤- لە لا ٨٣ دا دەڵێ کتێبی سەلیمنامە هی (شوکری بدلیسی)یە، ئەوە هی مەولانا ئیدریسی بدلیسییە.

٥- لە لاپەڕە ٨٦ دا بوهاری دەڵێ (خۆم وەک گەردیلەیەک دەهاتە بەرچاو)، وادەزانم گەردیلە وشەیەکی داتاشراوی زانستی نوێیە بۆ مانای زەڕڕەی عەرەبی ڕێکخراوە.

٦- (نەفتی ئەم فتیلەیەم لا٨٧-٨٨) (جارێکیان دەچوو تاکو دەست بە ئاو بگەیەنێت - واتە خانی چوو - یارۆی دەمولوت هەڵپێچراو بلەز هەستا نەوتی چرانەوتی چراکەی گۆڕی لا ١١٨) ئایا ئەو کات بە ناوی نەوت هەبووە، یان زووخاو و ڕۆن و چەوری، چونکە ئەوکاتە خڵتەیەکی چەور هەبووە بۆ فتیلە بەکار هاتووە نەوتیان پێ نەوتووە.

٧- (لە هستان و فەرەنگستان لا ٩٠)، فارسەکان ئێستاش بە وڵاتی پۆلۆنیا دەڵێن لەهستان، بەڵام ئەم وشەیە نە ئەوساو نە ئێستەش لای عوسمانییەکان باو نەبووە.

٨- (مەلا ڕەسووڵی فارقینی لە زانستی زمانی عەرەبیدا خەڵک بە سیبەوەیهی دووەم و ناودارترین سەنگتاشی کوردستانیان ناودەبرد، لا ١٩١) سەنگتاش، یان سەنگتراش بۆ وەستای بەردتاشین و نەقارییە، نەک بۆ زانای زمانی عەرەبی.

٩- (دانەیەک لە کتێبەکەی کەوتبووە دەست پاشای وان و خانی تەورێز لا ١١٤) ئەو سەردەمە تەورێز پایتەختی سەفەوییەکان بوو، شا بۆ پاشاکانیان بەکار دەهات نەک خان، خان هی ئۆزبەکییەکان بوو لە هەندێ میرنشینی کوردیشدا بەکار دەبرا. ١٠- (مەلا فەرەیدوون و لووت هەڵپێچراو و کەسێ دیکە چووبوون بۆ لای خانی، لەبەر هێزی بەڵگەهێنانەوەو دروستی لۆژیکی لا١١٦)، واتە لۆژێکی خانی، لۆژیک وشەیەکە بەم دواییانە هاتووەتە ناو ڕۆشنبیری کوردی، ئەو دەم لە نێو کورددا باونەبووە.

١١- (عەشق و ئەوینی نێوان دۆستۆ و کچە قەڵاییەکە بەناوی سینەم لە ناوچەی موکریان، لە قەڵای دمدم بە هەزاران کوژران، لا ١٢٦) یەکەم بە هەزاران زۆرە، دووەم ناوچەی مەریوان جیایە لە ناوچەی موکریان، مەریوان موکریان نییە.

١٢- (پاش ئەوەی خانانی موکری لە قەڵای گاودۆڵی نزیک شاری مەراغە قەتڵ و عام کران، ژنێکی سکپڕی کورد بە دیل گیرا خەنجەرێکی دەست کەوت کچەکەی پێکوشت، پاشان خۆی و کۆرپەلەکەی کوشت، ئەگەر ئافرەتانمان وابووبن داخۆ پیاوانمان چۆن دەبن لا١٢٨)، بەڵام لەسەرەوە دیمان پیاوان لە قەڵای گاودۆڵی خۆیان نەکوشت گیران و قەتڵوعام کران، ئەوە نییە پیاوان گیران و خۆیان نەکوشت! ئەمە قسەیەکی باوەو ڕاستی تێدا نییە، کوشتن قورسە، بە تایبەت دایک بۆ کچی خۆی.

١٣- بڕوانە بزانە ئەم بڕگە درێژە مانای هەیە.؟: (جیهادی مەزن جیهادی ناخە بگەڕێوە ناخی خۆت ڕەجەب بگەڕێوە لای خۆت و غەزای ئۆردووی ڕق و کینەو لەشکری ئاژاوەگێڕی بکە بەسەربازانی ئیرەیی بجەنگە، داگیرکەر ئەوەیە بەسەر خۆیدا زاڵ دەبێت و بەسەریدا سەردەکەوێت، لا١٤٩).

١٤- (ئەگەر یەکێکتان نەخۆش کەوت دەچێتە لای لوقمان لا ١٧٤) دەچێتە لای حەکیم، نەک لوقمان، بەو جۆرە لە کوردەواریدا باو نییە.

١٥- (چەندجار کەڵە شاخم بۆ کرد بە گوێزان لا ١٨٩) ئایا وشەی گوێزان ئەو کات بەو ناوە هەبوو، باو بوو، یان کەرەم تاش و قەڵەم تاشیان پێ دەوت؟

١٦- لەم ڕۆمانەدا شێخ سەیفەددین هەر جبەشینە کەچی لەپڕ لەلاپەڕە ٢٤٩ و ٢٥٠ دووجار دەبێ بە شێخ سەیفەددینی جبەڕەش، لە لا ٢٥٧ وە دەبێتەوە بە جبەشین.

١٧- (لا ٢٥٨ کەوتمە ناو چەتەو شەقاوەو حەشاشانەوە، خامەی خۆیان دەخستە دوێتی منەوەو شاوەتی خۆیان لەسەر پشتی من دەنووسی) (لا٢٦٦ دوێتی من فێری قەڵەمی گەرم و وشک و ڕەپیان بوو) یەکەم حەیفە و نەگونجاوە قەڵەمی پیرۆز و خامەی نووسین کە باس باسی خانی و قەڵم و مرەکەبی ئەو زاتەیە، بەو دەزگا بچوێنرێ کە لەوێدا بۆ کاری پیسی نێربازی بەکاردێ، دووەم هەرگیز ئەو ڕووخاوە ناتوانێ تەعبیری وا ئەدەبی بەکار بهێنێ، ئەوە نووسەرە لەباتی ئەو قسە دەکات!.

١٨- (ڕێم لە دەروێشانی سەر ڕێگە دەگرت شەڕم پێ دەفرۆشتن، چونکە ئەوان بەدەردی منیان دەزانی،

دەروێشان لە گیانی ناسک و بێ مووی منیان دەڕوانی و بارەکەڵڵایان لێ دەدا، ئیدی گاسنی خۆیان دەهاویشتە زەوی منەوەو جووتی خۆیان دەکرد، هاتوچۆی خانەکانم دەکرد، خانی لاچەپ و دوور لەشارەکان جێگەی بەرەڵاو خوڵامپەرستان و بازرگان و مەلاو فەقێ و چاک و خراپ بوو، لا٢٦٦) زۆر سەیرە نووسەر وا نیشان دەدا کە ئەو میرنشینە، بە مەلاو فەقێ و دەروێش و سۆفی و بازرگان و میرو ئۆمی، کاریان نەبووە جگە لە هەتیوبازی، بەتایبەت کە دەڵێ مەلا و فەقێ و چاک و خراپ، واتە هەموو بەباش و خراپەوە ئەو کارەیان کردووە، پێشتر خوێندنەوەم بۆ ڕۆمانێک کرد بە ناوی (بنت من بغداد)، باسی ساڵی ١٩٧٠ی دەکرد کە کچێکی بەغدادی دێتە سلێمانی، نووسەر هەموو شار و لادێ و ماڵ و گەڕەک و باش و خراپی شاری سلێمانی کردبووە قەحبەخانە، لەم ڕۆمانەشدا حوجرەو مزگەوت و مەلاو فەقێ و دەروێشی وا لێ کردووە کە خەریکی هەتیوبازین، کە لووسێکیان دەبینی بارەکەڵایان دەکرد، کەواتە ئەو کارە لە خانی و دەوروبەریشی دوور نەبووە، هەتیوبازی پیشەی باوی ناو ئەوان نییە، بەڵام نووسەر هەموو کوردی ئەو دەمی لەبەدکاری هەتیوبازیدا گلاند، وەک شارو میرنشینێکی پڕ هەتیوبازخانەی لێ هات، وانییە! هەموو کەس دەزانێ پیشەی کێیە، پیشەی لە دە هەزاردا یەکە، نەک یەک میرنشین، ئەم ڕۆمانە وانیشان دەدا کە لەو کۆمەڵگە کوردییەدا چاک نەماوە، کۆمەڵگەیەکی پڕ لە فەساد، چەقیو لە خراپە، جیاوازی قەڵەمی نووسەران و قەڵەمی نێربازان نییە، هەردووکیان هەر خراپ بەرهەم دێنن، مەلا و هەتیوباز و خانی و خان و نووسەران و دیوەخان و تەکییەو میر و سەپان فەرقی نییە.

١٩- (خەنجەری ڕقی لێ هەڵدەگرێ دەدا لە کەپووی و دەم و لچی دەدڕێ)، (دەموچاوم یەکپارچە خەنجەربوو، دەمم هەڵچڕابوو تامی خوێنی شل لە دەمم دەهات)، (بازرگانێکی دیاربەکر لەوێوە دێ بۆ یەریڤان دەچێ، بازرگانێکی دەوڵەمەندو خۆشنووسێکی ناودار دەبێ، دەیباتە لای خۆی، ماوەیەکی زۆر فێری خەتی دەکات و هەتیوبازی لەگەڵ دەکات، بلاچەی چاوەکانیم خوێندەوە، میری میرانی دیاربەکر کوڕێک دەنێرێتە لای ئەم پیاوە، وەستا خەلیلی دیاربەکری خەتی جوانی فێر بکات، سواری ئەمیش دەبێ و یاوز ئیهمال دەکات، ئەویش شەوێک کە وەستا خەلیل بەسەر ئەو کوڕەی ترەوەیە، یاوز بەخەنجەر زۆری لێ دەداو چۆکی دەبرێ و دەیکوژێ و دەیەوی یاوزی ڕۆمیش کە میری میران بۆی ناردبوو بکوژێ ڕادەکات، ئەویش سەری خۆی هەڵدەگرێ و شتێک دەدا بەسەریداو خۆی دەمامکدار دەکات و بەرەو باکوور مل دەنێ، لا ٢٦٥- ٢٧١) نووسەر بۆ ئەوەی ئەو کەسەی خانیی دەرمانخوارد کرد ناشیرین بکات، بە دەردی قورسدا دەیبات، دەیکاتە دەیوس و قوندەر و بێ ڕەوشت، باوکی دەکاتە قاتل و هەتیوباز، دایکیشی دەکاتە قەحبە، باوکی دایکی دەکوژێ، دواتر لەشەوێکدا باوکیشی بە نەزانی سواری کوڕی دەبێ، ناکرێ هەموو خۆفرۆش و جاشێک خۆی حیز و دایکی قەحبە و باوکی نێرباز و مرۆڤ سەربڕ و هەتیوباز بێت، ئەمە نووسەرە مرۆڤەکان ئاوا تاوانبار دەکات و تۆوی خراپ بە کەیفی خۆی دابەش دەکات، دەنا کوڕی دە ساڵە چ تاوانی هەیە باوکی پەلاماری دەدا، ئەوە دایکی قەحبە بوو وەک باوکی دەڵێ، دوای ئەوەی کوڕەکەی خۆی ناسی چۆن دڵی هات بە خەنجەر دەم و چاوی هێنایە خوارەوە، دەبێ نووسەر سۆزی هەبێ، نابێ ڕقی خۆی بە تۆڵە لە کارەکتەرەکانی بکاتەوە، بە مەرجێ نووسەر تەمەنێکی زۆری لە ئەورووپا سەرف کردووە، داخی غەریبی و داخی گەلەکەی لە ناخیدا قوڵپ دەداو وا دەیرێژێ.

٢٠- (لا ٢٧٦ - ٢٧٩ کێ پارەی پێ بدابام دوژمنەکەیم بە ئاسانی دەکوشت، میرزا سەبری هاتە ئەلەزگەردو داوای کوشتنی خانیی لێ کردم) (دەیویست خانی دەرمان خوارد بکەم، منیش شووشەیەک ژەهری زۆر کوشندەم ساز و ئامادەکرد، بەڵام بە خودای من خانیم نەکوشت، بەڵێ دانی پێ دادەنێم من چوومە لای و ڕۆنی چراکەیم گۆڕی، ئەز کتێبی شیرین و خوسرەوی نیزامیم بە مەرەکەبی ژاراوی نووسی و لای سەلاحەددینی سەحافم دانا بەقەستی ئەوەی خانی چاوی پێ بکەوێ بیباتەوە ماڵ و بیخوێنێتەوە تاکو ڕۆژ بەڕۆژ ژار تێکەڵ بە خوێنی ببێت) (ئەو دەمی من و میرزا سەبری و مەلا فەرید خانیمان جێ هێشت)، واتە بکوژ دوو کەسی ناسراوی لەگەڵ بووە، چۆن ئەو ناودارانە لەگەڵ تاوانبارێکی ناسراو بۆ کارێکی گوماناوی دەچن؟ میرزا سەبری لەوێ بە خانی دەڵێ (تۆ لە خوتبەکانتدا دوعا بۆ سوڵتان ناکەیت و تانە لە میرمان دەدەیت، دەبێت عوزر لە میر بخوازیت و شاڵی پەشیمانی بە ملتدا بدەیت، لا ٢٨٠) باشە دواتر خانی کە نەخۆش دەکەوێت باسی ئەوە ناکات بلێ ئەو

شەوە میرزا سەبری هەڕەشەی لێ کردووم.؟

٢١- پاشان بکوژ دەڵێ: (نایشارمەوە ئەو ڕۆژە زۆرم کەیف بە خانیدا هاتەوە، تا بڵێی پیاوێکی نەرمونیان و دەلال و قسەزان و ئارام و شکۆمەند بوو یەکسەر چووە دڵمەوە لا ٢٨٠) یەکەم ڕۆژ بوو، یان شەو؟ دووەم ئەمە پێچەوانەی بیرو سیفەتی قاتلە، ئەمە سیفەتی حەکیم و زانا و دانا و سەرناسە کە قسەی خانی کاریگەری لەسەری هەبێت، هەرگیز پیاوکوژ وابیرناکاتەوە، مێشکی بەم قسانە زرینگەی دێت، ئەو خۆی دەڵێ (بەڕاستی زێڕەکە بەلامەوە گرینگتر بوو، لا ٢٨٠) (کاتێک داوای کوشتنی کەسێکم لێ دەکەن ناپرسم لەبەرچی بکوژرێت، ناشپرسم کەسێکی باشە، یان نا، گرنگ زرنگەی زێڕەکەیە، میرزا سەبری وتی دەبێ ئەم کارە بەنهێنی بکرێت، بێ ئەوەی ببێتە جێی گومان و هیچ بەڵگەیەک جێ نەمێنێ کوشتنەکەی دەربخات لا ٢٨٠) ئەی کە میرزا سەبری وا دەڵێ خۆی و مەلا فەرید چۆن دەچن و هەڕەشە دەکەن، باشە ئەو سێیانە دەچنە لای خانی چۆن سبەی نابێتە جێی گومان؟ لەو شەوەشدا هەوڵی دەرمانخوارکردنی بدەن و پاشتر نەخۆش بکەوێت، چۆن پاشتر خانی بە هاوڕێکانی نەوتووە ئەوانە هاتن و هەڕەشەیان لێ کردم؟ لاوازییەک لەم کۆتاییەدا دەبینم.

٢٢- نووسەر دەنووسێ (لەو خانەدا بە خەتە جوانەکەی، خۆم بە مەرەکەبێک دەستم بە نووسینەوەی شیرین و خوسرەو کرد، ژاری سلێمانیم بەسەردا ڕژاند، مەلا سمایل هاتە خانەکە چاوی بە من کەوت سەرم بەسەر نووسیندا خوار کردبووەوە پرسی ئەمە چییە؟ دەنگم نەکرد، هەگبەکەم هەڵگرت و چوومە دەرێ، لا ٢٨١) گێڕانەوەیەکی لاوازە، کەسێک بە دزی و زەحمەتی شەوو ڕۆژ خەریکی نووسینی ئەو کتێبە گەورە بێت، خۆی ماندوو بکات، هەرگیز پیاوکوژ نییە، بەڵکو شارەزاو کاسبەو لە دنیا تێگەیشتووە، مرەکەب گرتنەوە زۆری دەوێت، دەبێ بۆ هەموو وشەو پیتێک جارێک فلچەو خامە بکەیتەوە بە دواتە زیوینەکەدا، پاشان نووسینەکە وشک بێتەوە، دەڵێ (هەفتەیەکی پێ نەچوو دانەیەکم بە تەواوی لەبەر نووسییەوەو بۆ سەلاحەددینی سەحافم برد)، سەیرەو زۆریش سەیرە، داستانی شیرین و خوسرەو ٥٥٠٠ بەیت شیعرە، لەنێوان سالانی ١١٥٠- ١١٥٤ک دانراوە، واتە چوار ساڵی پێچووە تا تەواوی کردووە، کە چی نووسەر دەڵێ ئەو پیاوکوژە ئەو هەزاران شیعرەی بە کەمتر لە هەفتەیەک تەواو نووسی، واتە ڕۆژی ١١٠٠ بەیتی بە فلچەو دویتەو مرەکەب نووسیوە، نەک بە قەڵەمی جاف، تەنانەت بە کۆمپیوتەر بە مانگێکیش تەواو نابێت، هەرگیز پیاوکوژ خۆی بەو هەموو نووسینەوە ماندوو ناکات، ئەگەر پیاوکوژ بێت، شێوازی تری زۆری لایە بۆ ئەو کارە، خانی تا نیوەشەو لە حوجرە بووە، گەڕاوەتەوە ماڵەوە، پاشتر مەلا بانگدان چووەتەوە مزگەوت، بکوژ دەیتوانی لەو کاتانەدا ئەو کارە بکات.

٢٣- نووسەر دەنووسێ (لا٢٨١ - ٢٨٢، بۆ ئەوەی خانی پەڕەکان یەک یەک هەڵداتەوە، پێویستی بەوەیە پەنجەی دۆشاو مژەی بە زمانی تەڕبکات، ئەو وشەیەم بە مەرەکەبێک نووسیبوو ژاری ڕووت بوو) بەو جۆرە کاری لەسەر ئەو مرەکەبە ژاراوییە کردووەو خەست گرتوویەتییەوە بۆ خانی، ئەو ژارە بیست و چوار سەعاتە لەبەر دەستی بکوژدا بووەو بەکاری هێناوە و سەری بەسەردا داهێڵاوە، چۆن کاری لە خۆی نەکرد؟ پاشان بکوژ دەڵێ (خانیم زۆر چوو بووە دڵەوە زانیم پیاوێکە نابێت بکوژرێت، هێندەی بەزەییم بەودا هاتەوە بەزەییم بەکەسی تردا نەهاتووەتەوە، مرۆڤێک بوو کاریگەری قووڵی لەناخی مندا جێ هێشت، وتەکانی خۆش و دانیشتن لە گەڵیدا خۆش تر) نووسەر لە کۆتایی چیرۆکەکەدا ماندوبوونی پێوە دیارە، دەیەوێ دەستی لە دەستی بێتەوە، ئەمە هەرگیز بیر و قسەی بکوژ نییە، نووسەرە بۆی تەنیوە، بکوژ دەیان کەسی ناوداری کوشتووە، بۆ لە کۆتاییدا لە خۆڕا بووە پیاوێکی چاک.؟

٢٤- لە لاپەڕە ٣٠٠ کاتێ خانی دوا نامە بۆ میری سەرحەدان میر عەبدولفەتاحی پسیانی دەنووسێ دەڵێ: (ئێستا دەنگی بانگی نیوەڕۆ لەمنارەی ئەو مزگەوتەی من ئاوەدانم کردەوە، بەرگوێم دەکەوێت) پاشان کە ناوی خۆی لە ژێرەوە دەنووسێ (شەوی هەینی ٢٩ شەعبان) پێشتر وتی ئێستا بانگی نیوەڕۆیە، بەڵام کە مۆر و واژۆ دەکات بۆ دەنووسێ (شەوی هەینی) کاتەکە بۆ بووە شەو.

٢٥- نووسەر لە (لا ٣٠٠) لە نامەکەدا نووسیویەتی نامەکە لە ٢٩ شەعبان ١١١٩ ک، ١٧٠٧/١١/٢٤ز) ئەوان ئەوکات مێژووی زاینیان بەکار نەدەهێنا، تا ئەم نزیکانەش حەرام بووە مەلا شتی مەسیحی بەکاربینی، نازانم چۆن نووسەر بە سەریدا تێپەڕیوە.؟ هیوای سەرکەوتنی زیاتر بۆ جان دۆستی خاوەن بەهرەو سەلیقە دەخوازم، هیوادارم بابەتی گرنگتر بەرهەم بهێنێ.